# ڕەهەندی نهێنی وجیهانی باوکی بۆمبی ئەتۆمی پاکستان و...!
# جیهانی شێواو وئالۆزو ..!
# کورد و....!

محەمەدی کەریمی
( ڕۆژنامە نووسی سەر بە خۆ )

24 ی مانگی ژانوییەی رابردوو ، فەرمانبەرانی ئەمنییەتی ئەمریکا وئینگلیس لە شوێنێکی نهێنی ولە چەند کیلومەتری ترابلۆسی پێتەختی لیبی ، چاوەروانی نوێنەرانی حکومەتی لیبی بوون تاوەکو بوخچەی پێچراوە وهێشتەنەکراوەی بەلگە گرنگەکانی ئەتۆمی وەرگرن .بێجگە لە فەرمانبەرانی ئەمریکایی وئینگلیسی ، دوو ئەندامی لێکۆلێنەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانیش شاهیدی ئەم کەین وبەینە بوون کە یەکێک لەوان ( ژاک بوورت ) ی فەرەنسی بوو !
ئەو راستییانەی کە بە دوای لە قاودانی قەزافی کەوتوونەتە دەست کارناسەکان سەر سوورهێنەر ودورلە بیر وباوەری گشتی بوون هەرلەمەر ئەوەی بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە دوکتورعەبدولقەدیرخان باوکی ئەتۆمی پاکستان گەورەترین قاچاغچی ئەشیا و ئەبزاری وێرانگەری بۆمبی ئەتۆمییە بە درێژایی تەمەنی دوور و درێژی مێژوو .!
ناوبراو ، لە ماوەی بیست سالی رابردوودا ئەشیا وئەبزاری سازکەری بۆمبی ئەتۆمی فرۆشتووەتەوە بەو حکومەتانەی کە بەگشتی جیهان وبەتایبەتی زۆردارەکانیان خستووەتە بەر چۆار رێیانی هەڕەشە وهەر چەشنە مەترسییەکی رەنگاورەنگ وهەمە لایەنە .
ئاژانسی نێودەولەتی وزەی ئەتۆمی تاوەکوو ئێستە ،ناوی وڵاتانی وەک لیبی وئێران وکورەی باکوری ئاشکرا کردوە ودەشلێت لە مانگی ژوئەنی رابردووەوە بە رەسمی گومانی بە هێزمان خستووەتە پال تێکۆشانی سورییە وهەر لەم رووەشەوە کۆمەلێک لێکۆلەری نێودەولەتی بەرەو دیمشقی پێتەختی سورییە کەوتوونەتە خۆ .!
بەرپرسانی ئاژانسی نێودەولەتی وزەی ئەتۆمی لە وییەنیش بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێن کە ،لە پایزی ئەمسالدا ریزی کریارەکانی باوکی ئەتۆمی پاکستان بلاو دەکەنەوە .ئەو ناو و نیشانانەی کە بێ شک زۆر کەس ولایەنی جیهانی دەتاسێنن .
دوکتور عەبدولقەدیرخان نایشارێتەوە کە سەرمایە وسامانی گەورەی مالی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ گیرفانی جیهازێک بە ناوی ( سانتریفۆژ ) یان جیهازی پالاوتنی ئۆرانێومی خەست وخور .ئەو جیهازەی کە بە وێنەی مەکینەی جل شۆرێکە وبەرزی بالاکەیشی دەگاتە دوو مەتر وتەشتی خری ناو کۆش وباوەشیشی بە پلە وپایەی هێزی تێپەرینی سەوت دەخولێتەوە و هێندە دەسورێتەوە کە دەتوانێت مادەی کال وئۆرانێومی خاو بکاتە ئۆرانێومی خەست وخوروپتەو گەر بێتو ئەم ئەرکە بە هەزاران جار وبە هۆی هەزاران ( سانتریفۆژ ) بێتە ئەنجام .ئۆرانێۆمێکی هێند پاراو وخەست دێتە بەرهەم کە بۆ سازکردنی بۆمبی ئەتۆم بەکار دێت .
جیاوازییەکی تایبەتی ئەم جیهازە لەگەل کارخانە بە رهەمهێنەرەکانی ئۆرانێۆم کە بۆمەبەستی سەربازی بەکاردێن وناتوانن بەبەر چاوی شارەزایانی هەوالگیرییەوە شاراوە بن لەوەدایە کە ( سانتریفۆژ ) دەتوانێت شاراوە بێت و بە بێدەنگی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت وهەروەها وزەیەکی کەمیش بەکاربهێنێت ولە ژێرخانێک شوێن پێی خۆی بکاتەوە بەبێدەنگی وبە بێ ئەوەی هیچ چەشنە ئیشاعەیەکیشی لێ بێتەوە !
بە گووتەی کارناسان ،کەم وڵات توانای ناسینی ئەم فەننە پێچەلاوپێچانەی هەیە .!عەبدولقەدیرخان ئەم فەننەی لە سالی 1974 ولە هولەند وەری گرتووە وفێری بووە یان بە واتایەکی تر دزیویەتی .لەسالی 1984 یش گووتبوی کە گشت وڵاتانی رۆژئاوایی دوژمنی پاکستان وئیسلامن ودروستکردن ودانی بۆمبی ئەتۆمی بە وڵاتێکی موسلمان ناچێتە چۆارچێوەی جنایەت و خیانەتەوە .
بەگووتەی کارناسانی ئاژانسی نێودەولەتی وزەی ئەتۆمی ، یەکەم مشتری دوکتور عەبدولقەدیرخان ئێران بووە .پرۆژەی وزەی ئەتۆمی ئێران لە سالی 1987 دا گەیشتبووە کزی وەرلێواری لە ناوچوون وپتەوکردنی ئۆرانێۆم کارناسانی ئێرانی

ماندوو کردبوو شەڕ لە گەل عێراق ،هەموو هێزو توانای ئێرانی بەرەو تواندنەوە بردبوو عەبدولقەدیرخان دەچێتە تاران وگەڵالەی سەرەتایی سانتریڤۆژەکان کە بە ( P.1 ) ناوبانگیان دەرکردووە دەداتە ئێران .کاتێک کارناسانی ئێرانی لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەشدا دەمێنەوە ، دوکتورعەبدولقەدیرخان بە فرۆکە ئەشیا وئەبزاری پێویستی بۆ مۆنتاژکردنی 500 دەزگە جیهازی سانتریڤۆژ دەگەیەنێتە ئێران ولە بڕی ئەم کارەیش دوو جانتا ( دولار ) لە یەکێک لە هۆتێلەکانی دۆبەی وەردەگرێت .

بە پێی ڕاپۆرتی مانگی ژوئەنی ڕابردووی ئاژانسی نێودەولەتی وزەی ئەتۆمی ڕەهەندی نهێنی وجیهانی عەبدولقەدیرخان باوکی ئەتۆمی پاکستان ئەبزاری سانتریڤۆژە پێشکەوتووەکانی جۆری ( p.2 )ی گەیاندووەتە ئێران بـەڵام ، ژمارەی ڕاست ودروستی ئەم جیهازانە تاوەکو ئێستە بۆهیچ کەس ولایەنێکی پەیوندیدار روون نەبووەتەوە .

لێکۆلەرەوەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی دەڵێن : حکومەتی ئێران خستکردنەوەی ئۆرانیۆم لە رێگەی ئەم سانتریڤۆژانەوە درێژە پێدەدات بە تایبەتی لە ژێرخانی نهێنی وهەلکەوتوو لە ( نەتەنز ) .!

بەپێی ئەم راپۆرتە جیا لە ئێران ،لیبی وکورەی باکور ورەنگە سورییەش بەردەوامبن لەم کارە .دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان هەروەها زۆر بە پەرۆشەوە دەرواننە، پەیوەندی نێوان باوکی ئەتۆمی پاکستان و عەرەبستانی سعودی و میسر ویەمەن و رێکخراوی ( ئەلقاعیــدە ).

بە گوتەی ( برۆنۆ تەختخیە ) کارناسی ناوەندی لێکۆلینەوە ستراتیژییەکانی فەرەنسە ، عەبدولقەدیرخان چەندجار هاتوچۆی عەرەبستانی سعودی کردووە و وەزیری بەرگری ئەم وڵاتەیش تەنیا مرۆڤێکی دەرەکی بووە کە لە نزیکەوە چاودێری ناوەندی تاقیکردنەوەکانی عەبدولقەدیرخانی باوکی ئەتۆمی پاکستانی کردووە لەمانەیش گرنگتر ، ریـاز هەشـتا موشەکی دوورهاوێژی ( 2500 کیلومەتری ) لە چین کریوەتەوە کە هەلگری کلاّونەی ئەتۆمین .

گەرچی ئاژانسی نێودەولەتی وزەی ئەتۆمی هیچ چەشنە ئاگادرییەکی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان باوکی جیهانی نهێنی ئەتۆم وئۆسـامە بن لادن نییە بەڵام ، دوو کەس لە یارانی نزیک ولە جێگروەکانی دوکتور عەبدولقەدیرخان (( سولتان بەشـیر مەحمود و شوتی عەبدولمەجیـد )) لە سالی 2001 وبۆ چەند جار لە تەک ئۆسامە بن لادن ولە کابۆلی پێتەختی ئەفغانستان وەک یاریدەدەری بیروبۆچوون کۆ بوونەتەوە و پێشنیاری هاوکاریان داوەتە بن لادن .گەرچی کارناسان گومانیان هەیە لەوەی کە سولتان وشـوتی وتەنانەت خودی عەبدولقەدیرخان بۆمبی ئەتۆمیان دابێتە رێبەری ئەلقاعیدە بـەڵام ، هیچ گومانێکیان لەوەدا نیە کە ئۆرانیۆمی پتەو و خەسـتکراوەیان پێشکەش بە بن لادن کردبێت لە بۆ سازکردنی ئەو بۆمبە مەترسیدارەی کە ناویان ناوە بۆمبـی پیس وگەنیو .بۆمبێکی کە دەتوانێت بە هەزاران کەس بکوژێت وولاّتێک یان چەند وڵات بەرەو رووی هەر چەشنە مەترسی وهەڕەشەی مەرگ ولە ناو چوون وویرانی ودەربەدەری وئاوارەیی وهەر جۆرە نەخۆشـی وئازارێکی ناخۆش وکوشـندە بکاتەوە ....!

بیّانوی سەرەکی بۆ داگیرکردنی عێراق بوونی چەکی کۆ کوژی بوو .ئێستەکە ولەدوای داگیرکردنی ئەم وڵاتە ئەمریکاوئینگلیس دەبێژن عێراق چەکی کۆکوژی نییە .ئاژانسی نێودەولەتی وزەی ئەتۆمیش لە12 ی ئەم مانگەدا بەتاڵانبردنی گشت کەل وپەلی ویستگەی ئەتۆمی عێراقی ڕاگەیاند ووەزیری وزەی حکومەتی کاتی عێراقیش دانی بەم ڕاستییەدا نا وگووتی لە دوای شەڕ گشت ئەشیاوئەبزاری وێرانگەری ویستگەی ئەتۆمی عێراق تاڵانکراوە .لە کاتێکدا هەر دوابەدوای شەڕ ، ئەمریکا دەستی بەسەر ئەم ویستگەیە وگشت کەل وپەلەکانیداگرت و...!؟ گشت ئەم رووداوانەیش دوای ئەوە دێنە ئاراوە کە لە سالی 1991 وە تا2003 وکاتی داگیرکردنی عێراق هەر چەشنە کەل وپەلێکی ئەتۆمی بە ئۆرانێۆمی خەستکراوە وبە ئەشیای بۆمبی پیس وگەنیوەوە لە عێراقەوە بۆ ئەو دیوسـنورەکانی وڵات ولە رێگەی قاچاغچییە رەنگاورەنگەکانەوە ئاودیـو دەکرانەوە و بە هەرجۆرە مادەیەکی سڕکەر ( موخەدەرات ) دەگۆڕانەوە لە ژێر نازناوی پڕۆژەی ژاراویی (( بۆمب لە بەرانبەر بۆمبـدا )) .! ئەم کۆڵانە تاریکەیش هێندە دور ودرێژ کرایەوە تاوەکو گەیشتە لێواری دزێوی ویستگە ئەتۆمییەکانی وڵاتانی رەهابووی شـورەوی پێشوو ئەم داڵانە شوومەیـش لە لایەن رەهــەندێکی نهێنیــیەوە ئیدارە دەکرێت کە لە واقیعدا زانستگەیەکە لە بۆ پەروەردەکردنی تیرۆریسـتانی جیهانی ئابوری و توانیویەتی بەهەزاران قوتابی بەلەد و نابەلەد لە ناو بازنەی تێکۆشانی خۆیدا جێـبکاتەوە بەهەموو رەنگ وزمانێک ولە هەر شوێنێکی پێویستی جیهان

سەری ئەم رەھەندە وێرانگەرەیش دەگەرێتەوە بۆ باوەشی پرۆژەی ( مسـکیتو ) یان ( مێشوولەکان ) کە فەرماندەرانی گشتی ئەم پرۆژەیش بن لادن وتالەبان وسەددام و...بوون و لە واقیعدا دارێژەری سەرەکی ئەم پرۆژەیە فەرەنسەوییەکان بوون وبە دوو قۆلی لە تەک ئەمریکا وبەهاوکاری پاکستان وهەوپەیمانانی دایرەی ئەمنی ولاتانی هەوپەیمان دەچوو بە رێوە ولە دوای شکستی ئوردوگای جیهانی کۆمۆنیزم ئەم رەھەندەیان لە قوول دەرچوو .

هیچ جم وجولێکی سیاسی وسەربازی وئەمنی باش یان خراپ بێ پشتیوان نین وهیچکام لەمانەیش ناتوانن بە بێ ئیمکان وپشتیوانیش بێنە کایە و ئەنجامدان .مێژوو ئەم راستییەی سەلماندووە کە گشت ئال وگۆرەکان وچی شەڕ وئاژاوە و وێرانکارییەکانی ورد ودرشتی سەر گۆی ئەم زەوییە بێ بەزییە تێز وتێئۆری لە پێشداداڕێژراو دەبین رێوە ، تەنانەت بۆ تاقیکردنەوەی چەک وتەقەمەنی وبۆمب وهەر چەشنە باروتی وێرانگەریش تاقیکاری پێویست ، نیازی سەرەکی سـازدەرکانییەتی

وەک بۆنی دێت .مەترسی تاقیکردنەوەی ئەم کەرەسە وێرانکەرانە لەم لاو لەو لای جیهانی دیارونەدیار وبە دەستی لایەنی مەسئول ونامەسئول ولە رووی رەمز و رازی دەسیسەکان وبە هێزی پرۆژە لەپێشـدا دارێژراوەکان ولە رێگەی خراپەکارانی بەکرێگیراوی دەرەکی وناوەکی دور ونزیک لە ئارادایە و...؟ کورد ئەشێ زۆر زیت وقوت و وریاتربێت لە رابردوو....دنیـا هەر وەک تەمەنی بابردووی رابردوو لە سـەر رەورەوە و لە بن وەروەرەی جەنگەلی دیپلۆماسی جیهانی قازانج وبەرژەوندییەکان دەخولێتـەوە .

پترلە هەشتا وپێنج سالە جیهان بە گشتی لە ناو گێژاوی پرۆژەی سیحراویی رۆژهەلاتدا گێژ دخوات وخۆی بە چی هات ونەهاتی مرۆڤ ومرۆڤایەتیـدا دەدات وبەلام هێشتەکەیش ناو و ناوەرۆکی راستەقینەی ئەم پرۆژەیە و نێوئاخنی گەلالە دارێژراوەکانی ئەم سیحر وجادووگەرییەی ئەمریکاوئینگلیس وهەوپەیمانەکانی وە دیار نەکەوتوون و بەجوانی روون نەبوونەتەوە وبە باشی وەک خۆشیان نەهاتوون ونایەنە دەر وبەر چاو ناکەون .!شەڕی یەکەم ودووهەم لە واقیعدا لە سەر پرۆژەی سیحراویی رۆژهەلات روویاندا وشەڕی سارد بووە بەرماوەی ئەم دوو شەڕە وشەڕی ئێستە وداهاتووش هەر پاشماوەی ئەوشـەڕانەیە کە بەنرخ ومەزەندەی رۆژ لە ناو بوخچەی بەناو( رۆژهەلاتی دیموکراسی ) پێچراوەتەوە. ەوپرۆژەیەی کە ئەمریکای مەست وسەرخۆش وخەیالاویی گەیشتن بەجیهانی تەک جەمسەری واتە عەولەمە یان سیستەمی نوێی جیهانی کردوە .هەمان ئەو گوندە بچوکەلانەیەی کەوابەنیازە وەک ئاوێنە دنیای نوێ لە خۆیدا بنوێنێت .

ئەم جیهانە سەر دەگرێت یان نا .؟ کەس نازانێت غەیری ئایـنـدە !بـەلام خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی چارەنووسـسازە . هەم رێگرە وهەمیش رێکخەر کامیان سەرکەوتوون ؟ ئەمەیش هێشتەکە روون نەبووەتەوە .دنیـای ئەمرۆ و جیهانی سـبەینێیش تەپوتۆزی ئەم ترس ولەرزانەی لێ نیشـتووە .

لە **1948** بەم لاوە ململانێیەکانی جیهانی دیارونەدیار گوێزراونەتەوە بۆ رۆژهەلات .رۆژهەلات بووەتە ناوەندی سەرکی ئاژاوەگێرانی شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری جیهانی سارد وسڕو سەخت وناهەموار .ئەو کێ بەرکێیانەی کەلە **14**ی مانگی مەیی **1948** وە واتە لە رۆژی لە دایک بوونی دەولەتی لەرزۆکی ئەوکاتی قەومی یەهوود وحکومەتی کاتی ئیسرائیلی بە هێزهاتنە ئاراوە وتاوەکوو ئەم سات وکاتە تەسکانەی مێژووی سەردەمی هەزارەی سێهەمیش هەروا بەردەوامەن ودرێژەشیان هەیە وهەروەک دەشیبینین ، شەڕ وئاژاوە و لەناوچوون و ویرانی لە **1973** بەم لاوە لە ئیسرائیل وفەلەستینەوە راکێـشراون بەرەو **1**ـ ئەفغانستان **2** ـ کوردستانی عێراق **3** ـ ناوخۆی ئێران **4** ـ کوردستانی ئێران **5** ـ عێراق وئێران بەگشتی **6** ـ کوردستانی تورکییە و....سەرئەنجام لەناوچوونی ئوردوگای کۆمۆنیزمی جیهانی وپەرش وبلاوبوونی شورەوی کە مەبەستی سەرەکی جەمسەری رۆژئاواییەکانی شەڕی جیهانی سارد بوو .

ئیسلام گەرچی خەون وخەیالی سـەوزی شـورەوییەکانی پێشوو بوو بۆ پاراسـتنی بوون و لە بۆ دەرباز بوون لەو گێژاوەی کە تێیـکەوتبوون .بـەلام ، مخابن کە پشـتیۆن بەندی سـەوز ،وەهای پشتی هێزی سـووری پشـتیوان تێکشـکاند ،کە ئەمریکای وەک تـاقـانە هێـزی سـەرەکی و زۆردار لە سـاحەی گێتی جیهاندا هێشـتەوە .

**پرسیاری سەرەکی وکۆتایی ئەم شەڕ وشورانەی گشت جیهان لەوە دایە کە ، ئایە .؟؟ ئەمریکای خۆازیاری ڕێبەریی جیهانی نویێ دەتوانێت بەم ئاواتە ئالۆز وڕەنگینەی خۆی بگات یان نا .؟**

**چین وروسییەی تەککەوتە وپاشماوەی شورەوی پەککەوتە هەر یەک لە لایەکەوە بەتەمای بەربەست نانەوەن لەبەر دەم ئەم هیواوخەیالەی ئەمریکادا و فەرەنسە وئەلمانیایش بە تاک وبەجیا وهەروەها بەدوو قۆلی و بە چەند قۆلی لە تەک چینی ئەژدەهای گەورەدا و هاوڕێ لەگەل ورچە سپییەکەی روس لە چەند لاوە واخەریکی بەرەنگارین لە ئاست بازنەی سیاسەتی کۆمەلی فیل وکەرەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی حیسێب وکتێب و نێوونیشان و ڕێ وشوێنی خۆیان لەداهاتووی جیهانی نوێدا دیاری و روون وئاشکرابکەنەوە و....ئیسلامیش بەجیا ولە گشت شوێنێکەوە ،خۆی بۆ بەشداری لە جیهانی ئایندەدا ئامادە دەکات و زۆر توند وتۆل وبە پەلەیش وا خەریکی هەر جۆرە جم وجولێکە ودایم و هەردەمێکیش بەوێنەی خول خولە دەخولێتەوە و.....بەچەشنی داشەهارەی ساحەی شەترەنج لە پشتگیری دیار ونەدیاری راستەوخۆ وناراستەوخۆی ئەژدەهاک و ورچە سپی و هەروەها لەبەزم و ڕەزم وچی زرم وکوتی ئورووپاییە قەلسەکان بەهەرەمەندە و هەربۆیەشە لە هیچ چەشنە گورز وەشاندنێک ئاشکرا وشاراوە ناسلەمێتەوە و.....هەموو ئەم بەرە وبەرنگاربوونەوانە لەبۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەت و ویست ومەبەستەکانی ئەمریکان بەم جۆرە شەڕ وململانێی وچەند بەرەکی جیهان بەر دەوامە وئایندەیش تاریکە وروون نییە .**

**لەدوای ئیسرائیل وفەلەستین ، ئەفغانستان وعێراق بوونەتە مەلبەندی تاقیکاری گشت سەر وسەودایەکی سیاسی وسەربازی جیهانی پڕلەنهێنی وناوەندی تاقیکردنەوەی پرۆژە لە پێشدا داڕێژراوەکانی ئەم سەرو ئەوسەری دنیای شاراوەی پڕلە فیتنە وئاشوب وئاژاوەن و....!لە ناوگشت ئەم شوێن ومەکانانەیشدا کوردستانی سوتاو وداڕماو وداماو تاک وتەنیا وبێ پشتیوانی ڕاستەقینە بەرەو رووی ئەم هەمووە هات ونەهاتانە بووەتەوە .....چی رووەدا و چی دەقەومێ وچیمان لێ بە سەر دێت ؟؟ دیار وروون وئاشکرا نییە .!هەرکەسێک کەسێکی هەیە و پالی داوە پێوەی و....بەلام داخەکەم کوردی کەمچارە پشتی گشت لایەکی گرتووەو پشتی خۆیشی لە هەر لایەکەوە چۆل کردووە جەماعەتێکی گەرمێنی پشتی تارانیان گرتووە ولە بنەرەتیشدا تاران پشتی کوردی شکاندووە .جەماعەتی کوێستانیش پشتی بەغدایان گرت وبەغداش جیق و فیقی کوردی گەرمێنی دەرهێنا .لە باکور کورد وکوردی قسەکردن قاچاغە بەلام کوردەکانی تر دەست وقاچی ئەنکارا دەلێسنەوە ......پشتی ئەمریکای رزگاری بەخشیان گرت زۆر بە ڕاشکاوی وبە دوو جۆر وەلامی دایەوە . یەکەم : بە بڕیاری 1546 ئەنجومەنی ئاسایش کە هاوڕێ لە گەل جێگرەوەی بابە گەورەی پێشوومان شورەوی سەرسوور ومامە سینگ زەردەکەی سین یان چینی مائۆ و لەتەک زڕبراکانمان لە دایکەوە .دایە گەورەی گەورەکانی عەنتەرسوسیالیستی کورد دانییەل میترانی فەرەنسەوی پای ئەم بڕیارە گرنگ وبە هێزو دەست وبردەی 1546 یان مۆر وئیمزا وتاپۆ کرد کە وەک یاسایەکی رەسمی ونێودەولەتی چەسپی و....!**
**جەنابی سەرۆک بووشی کوری ئەمریکای رزگاریبخشیش بە وەلامی ڕاشکاوانەی خۆی ،گلەیی وگازندەی ڕێبەرانی کوردی عیراقیخۆازی بە سەهۆل وبەفرئاوی سارد وسڕشۆردەوە و بە گشتمانیشی فەرموو :**
**ئەی کوردینە ، ئەی مەردینە .کوران ، کچان ، منالینە ، شەڕ وپێکدادانی دەیان سالەی لە خۆرایتان بە رادەی شەڕ وپێکدادانی ئەم چەند رۆژ وچەند مانگەی موقتەداسەدری لاوی نەترس و گەنج تازە پێگەیشتوو ، نەکاری بوو نەئیجابی ونە لە ڕێ وشوێنی گونجاوی خۆیدابوو.....!!**
**ئاخرین پشتیوانیشمان خولە عەلیاوەری تازەزاوامان بوو چەچەکانی خۆش بێت وزمانی نەڕزێت .بەشقەم کورد لەمە بەدواوە باشتر سەرەنج بدەنە ناوەرۆکی وەزیر وسەفیر وچی سەغیرە پەسەندکراوەکانیان ، یان هەلبژاردە دەستنیاشنکراوەکانیان ، چ لە هەولێر وچ لە بەغدا و چ لە سوید وهەرشوێنێکی دیکەی ناوخۆ و دەرەوە ...بەژن وبە پیاویەوە .!**
**هەموو ئەم ڕاستییانە شاهیدیمان بۆدەدەن کە کورد دواکەوتەیە وبۆچ پاشکەوتە ؟؟ لەمەر ئەوەی بە دوای قومار وقوماربازەکانی نێودەولەتی کەوتووە .لە ناو جەنگەلی دیپلۆماسی جیهاندا بەبێ ئاگەداری لە هەقیقەتەکانی پاش**

وپێشی پەردە ،گێژدەخوات وسەرلێشواوە و وێل وسەر گەردان ،چاوەڕێی سەدەقەی موقەدەراتە !نابەلەدە و ساف وسادق وفرە سادە .هەر کەس گووتی جێژنە برنج دەکاتە ئاو . داوەت وشایی وزەماوەند وهەلپەڕکێ وسەرچۆپی و....سەرئەنجام شین وشیونی بۆدەگێڕێ .بە کەچکێ ئاو دەکەوێتە مەلێ ومەلەیش نەزانێ .دەفەرمێت مەلەوان وباشترین ناجی غەریقم و....چی دەور و پشت وچۆار تەنیشتی خۆیشیەتی هانیان دەدات بۆمەلە، لە ناو ئەوبەحرە قوولەی کەناویان ناوە سیاست و چەنێک بێ رەحم وبێ مرووەتە .چی نەزان ونەفام ونابەلەدە دەیخنکێنێت .
ناجی ومونجییەکانی رزگاری کورد بەدرێژایی تەمەنی سیاسییان ،بەر لە هەمووان ، نەک لە ناو بەحرێکی قوول وبێ بندا ،بەلکولەناو رووبارێکی ویشکەلانی ولەلێواری چەمێکی بەرتەسک وکەم ئاودا لە ناومشتێک گۆماوی ئەشکەوتێکی تاریکدا ،سەرگەردان و ئاوارە ماونەتەوە وهەردەم و هەموو کات واخەریکی خەنکاندن وقرەنەگۆمێی یەکترین .!!
ئەوانەی کە بە بۆمبارانی شیمیایی هەلبجە وبە قەولی خۆیان ،کوردیان بە دنیاناساندوگیرفانی ناموبارەکیان پڕکرد لە پڕوپاگەندەی رزیو و گەنیو .ئەوانە ناخەلەفن .ئەمانە کەسی نەیاران ویاری بە ئەمەکی ناحەزانن . ئەوانە ناکەس وکەسی ئێمەمانان نین .
ئەشێ فایلە ڕەشەکان بخرێنە روو نابێت رۆشنبیران بهێلن فایلەکان بۆ هەمیشە بشاردرێنەوە زۆر قارەمانی ئەفسانەیی و چەها پالەوان فسفسی سیاسی وسەربازی روون دەبنەوە .زۆر مێژووی ساختە وپاختە ، پوخت دەکرێنەوە چەها حیکایەت نامە وحیکاتنامە نووس ، چەها رۆستەمی زالی ترسنۆک وچەها پریفیسۆر وفەیلەسوفی فالچین دەستیان دەخوێندرێتەوە .ئەوکاتە باغ وگولستانی کوردستان لە چی درک ودالی ناکەسە پاک وخاوێن دەکرێتەوە .
ئەشێ رۆشنبیران وقەلەم بە دەستانی والا و بالای کورد سەرنج بدەنە ئەم وشانە .چلۆن وچۆنن ؟ وەک خۆیان مانایان بکەنەوە .ئەگینا ،سەر لە نوێ وهەمدیسانەوە قۆنتەراتچییەکانی خوێن وپێست وئێسکی خەلکی ، زۆر هەرزانترلە هەلبجەی شەهیدو...دەمانفرۆشنەوە
لەم دەور وزەمەنەدا هەر وەک لە سەرەوە باس کرا وئاماژەی پێدرا ،کڕین وفروشتنی ئەشیا وئەبزاری وێرانگەری بۆمبی ئەتۆمی وهەر جۆرە بۆمبێکی پیس وگلاو وکەسیف ، بووەتە کارێکی سادە وئاسایی تیرۆریستەکان بەرهەمی نادیاری جەنگەلی دیپلۆماسی جیهانی شاراوەن و ئەمانەیش منالە ناجۆرەکانی شەڕی ساردن کە گەرم داهاتوون .دەستی دیار ونەدیاری دەولەتە زلهێزەکان وحکومەتە یاخییەکانن کە گەرمیان دادەهێنن و.....نابێت بە دەستی کەم بگیرێن .کورد بە درێژایی تەمەنی لە لایەن ئەم وئەو بە هۆی کەسانی ناکەسی خۆیی تاقی کراوەتەوە ونابێت ئیجازە بدەین لەمە زیاترتاقیمان کەنەوە ئەرکی ڕۆشنبیرانە کە دەروێشی خانقای شێخ وئاغاکانی ناوخۆیی وموریدی دیوەخانی کوێخاکانی بێگانە وریا وروون بکەنەوە ،تاوەکو بۆجارێکی تر کورد نەبێتە کۆچی قوربانی گیرفانی سیاسی کۆمەلێکی بێ سیاسەت و سەرلەنوێ ببێتەوە پێخۆری تورەکەی مجێوری ئایینی .

قاچاغچییە بە ناوسیاسییەکانی نێودەولەتی وچەرچییە بێ سیاسەتەکانی ناوخۆیی ئەشێ ئاشکرا بکرێن ودەشبێت سووک وچروک ریسوا بن لە بەر دەم یاسا وگەلدا ولە دادگایەکی سەربەخۆ و بەهێزو بەبەر چاوو لە ئاست رای گشتییدا مەحکەمە وسزا بدرێن .
لەگەمەی جەنگەلی دیپلۆماسی ئەمرۆکەی جیهاندا ،دوو مەسەلەی گرنگ بە دی دەکرێن 1 ـ جەنگی سەلیبی کە پڕە لە مەترسی وئەمەیش مەبەستی سەرەکی ئیسلامییە توندەکانە وهەمیش ویست ونیازی سەردەمی دەولەتانی دژی ئەمریکایە 2 ـ شەڕی ئەتۆمی وگێچەلی دەولەتانی یاغی وتیرۆریستەکانن بە گشت کارساتەکانیانەوە وسەر بڕینی مرۆڤ تا ئەم کات وساتانە ئاخرینیانە و......کورد بەرگەی هیچکام لەم شەڕە خۆترێنانە ناگرێت وهیچکام لە وانەیش خۆیان بە ماف وچارە نووسی کوردەوە گرێ نادەن .
خۆپاراستن ودورە پەرێزی لە هەر چەشنە شەڕێکی ناوەکی ودەرەکی باشترین رێگە چارە وگەورەترین ئەرکی ئەم سەردەمە مێژوویەیە و زۆریش پیرۆزە .داوای رەوای کورد سروشتێکی ئاسایی ولە هەمان کاتیشدا یاساییە و خۆپێشاندانی هێمنانە وداخۆازی مافی سەربە خۆیی وریفراندۆم وهەلبژاردنی ئازادانە هەموو دنیایەکی ئەقل

ومەنتیقی نێودەولەتی لە پشتە وکەس ناتوانێت بەرەنگاریان بێتەوە بە مەرجێک ئەم جم وجولانەوانە لەناو دلی کۆمەلانی خەلکەوەهەلقولابێت و شقامی کوردی بێنە جۆش و خرۆش .رێکخراوی نەتەوە ەکگرتووکان شاهیدی زیندوو ، هەمیش نوێنەری بەهەقی یاسای نێودەولەتییە کە لە ساحەی گشتی ئەمرۆی عێراق وکوردستاندا بوونی هەیە .رەنگەکاتێکی ئەوتۆخۆش ولەبار وهەموار ، وەک ئەم سەردەمە ناسک وتەسکە مێژووییە بۆکورد نە رەخسێت ونەگونجێت .هەربۆیەلە دەستدانی ئەم هەل ودەرفەتە تاوانێکی گەورە وفرە مەزنە .تاوانێک کە بەر لە هەمووان ئۆبالی رۆشنبیران دەگرێتەوە و دوایەش لە گەردنی حیزبەکان دەهالێت بەتایبەتی ئەو حیزب وریکخراوانەی کە خۆیان بە پاسەوانی مێژوو دەناسێنن .گەر بێتو لە ئاست ئەم بەر پرسایەتییە مێژوویەدا بێدەنگ وخامۆش بین .بە بێ شک نەوەکانی داهاتوونامانبەخشن وبە بێ گومان بە تالی یادمان دەکەنەوە

**karimi _ mohammed**